# هەوا

فازیل شەورۆ

سەبەتەکەی
بنهەنگڵی دەستی ڕاستی :
قەڵاچن...پڕ
هێشووە خەمی تۆزلێنیشتوو و
دەسکە ژانی ڕەنگ پەڕیوو و
هەنارە-برینی سوورسوور بوو .
زەمبیلەکەی دەستی چەپی :
نیوکێلۆ ئێسقانی بەرخ و
یەک دوو چەنگە نێرە - بامێەو
نەختێ تەماتەی بن سندووق ،
لەگەڵ خەندەی
بووکێکی چاو تروکێنەر.
هەرچەند ( ژنە )
سوێسکانی هەنگاوی هاویشت،
بە پاسەکە ڕانەگەیشت ،
لەتاو ژانی
تەنگەهەناسەی سواری دا
لەسەر ڕۆخی شۆستەکەدا
مەلول... دانیشت :
لێوەکانی ...
زۆردوسپیی دەچوونەوە،
سییەکەنی...
دەتگووت کۆنە دەفەی کوورەی ئا سنگەرن
دەئاوسان و
پووچەگرژ دەبوونەوە .
هەرچەند دووگمەی
پەمی ناو دەستی لەرزۆکی
داگرت و
داگرت و

داگرت
یەک پیچۆکە
ئۆکسجینی بۆ دەرنەهات ،
هێندەم زانی
ملی بەسەر شۆستەکەدا شۆڕکردەوەو
چاوەکانی زەق بوونەوە ،
لرخەیێکی ئەکجار غەریبی لێوەهات.
ئای لەم تاوانە گەورەیە !
لە باوەشی خاکێ بژی
هەوات نەبی هەڵیمژی .
کە تاوانێکی گەورەیە :
لەسەر شۆستان ئاوزینگ بدەی
بە ماچێکی ئازیزانی خۆت ڕانەگەی !
ئای لەم تاوانە گەورەیە !